# دۆسیەی تایبەت بە شیعری ژنان

«چونکە شیعر وەکوو خۆشەویستی وایە
هەرگیز لە مرۆڤ جیا نابێتەوە»
**ن. ب**

**ئامادەکردنی:**
نەزەند بەگیخانی

نەزەند بەگیخانی

زوهرە موفتیزادە

## بیر لە بیرنەکردنەوە

**زوهرە موفتیزادە**

خۆزگە گەورە نەبوومایە... تا خەم و زووخاوەکانیشم
خۆزگە خەمی ئێستام بە قەد منالێم بووایە
کە بە بازنگی زەرد و سوور... بە بووکەشووشەیەک
یان گۆچانە قەنێ هێمن ئەبووم
هەروەها باوەڕەکانم... کە ئەگەر درۆ بکەم ئەبم بە بەرد

خۆزگە پەنجەکانم گەورە نەبوونایە
تا دەستی فریووی تۆ بیانگووشێ
خۆزگە دەردوکوڵی دڵم.. ئازارەکەی بە قەد زللەیەک بووایە
کە لە کاتی هەڵە دایکم لێی ئەدام

خۆزگە بگەڕابامەوە بۆ دنیای منالێم
تا سییەکانم پڕ بکەم لە بۆنی باخچە خۆشەویستەکەمان
خۆزگەکانم بەڕەڵلا بکەم تا تاسەیان بشکێ
کات بوەستێنم.. بیر لە بیرنەکردنەوە بکەمەوە
بڵێم... حەز ناکەم گەورە بم

ئەوان لەسەر جادەی مەرگ وەستاون
بە جانتا کۆنەکانیانەوە
هەتاو نابینن
ناترسم
بە مەرگ ئەڵێم
تۆ مردووی و قەت زیندوو نابیتەوە

من بۆ لای خۆیان ڕائەکێشن هاوخوێنەکانم
نامناسن کە من خۆم بم
وەکوو حەکایەتێکن کەس کەس ناناسێ
نە لە مەرگ ئەچن و نە زیندوون

لەسەر جادەیێ چۆڵ وەستاون و چاوەڕێن
من تۆزی هیلاکی و جەدەلم لە جلەکانم تەکاند
جلەکانی ئێوە لەبەر ناکەم
ئێوە رۆحم ئەخۆنەوە... ئازارم ئەدەن
قین، نەفرەت لە دڵم فڕێ ئەدەم... بەڵام
ناتوانم عەشقی هاوخوێنەکانم

تان و پۆی باوەڕەکانم قایم چنیگە... ناتوانن شیم کەنەوە
بیر لە بیرنەکردنەوە دەکەمەوە
خۆشەویستیتان لە دڵمدا چاڵ ئەکەم
بێ ناوونیشان
با کەس نەزانێ هەمیشە لە دڵمدان

٢٠٠١

## دوعاکانی دایکم

پێشکەشە بە دایکم، ئەو مرۆڤە مەزنەی فێری وانە ئینسانییەکانی کردم و تا ئێستاش گەورەترین مامۆستامە.

**نەزەند بەگیخانی**

جگەرەیەک داگیرسێنە
چرایەک هەڵکە
وەرە با پێکەوە گۆرانی بڵێین
ئەی هاوڕێم
وەرە با پێکەوە سەما بکەین
بۆ هێورکردنەوەی دڵی حاجیلەکان
بۆ لاواندنەوەی دوعا تەنهاکانی دایکم

دایکم هەموو بەیانییەک دوعا دەکات
لەجیاتی دوو ڕکات، شەش ڕکات نوێژ دەکات
دوعا دەکات بۆ ڕەوینەوەی ڕەشایی باڵی با
تاریکیی دڵی سیاسییەکان
هاوڕێم
وەرە با پێکەوە گوێ لە دوعاکانی دایکم بگرین
وەرە سەیرکە چۆن فوو بە دەوری خۆیدا دەکات و
لە فڕین دەپاڕێتەوە
کوڕە بچکۆڵەکەی ئاودیوی سنووران بکات
هانا بۆ نەسیم دەبات تا کچەکەی هەڵگرێ و
دووری خاتەوە لە چڕنووکی قەڵەرەش

وەرە ئەی هاوڕێم
وەرە با پێکەوە پێکێ بنۆشین و
بەسەر بانیژە بەرزەکانی وڵاتدا بفڕین
با ئیتر لە بەرزاییەوە فڕین بناسین و
لە نزماییەوە پەیژەی کەوتن هەڵدێرین

دایکم شەش ڕکات نوێژی کرد
شەش جار گریا و شەش جار دوعای کرد
ئاواتەکانی دایکم وەک مرواری سپین
لەژێر سێبەری ئیماندا دەبریسکێنەوە
ئاواتەکانی دایکم پێ دەگرن
بەسەر پەیژە باریکەکانی حەوشە سەردەکەونە سەرکەپرەکان
لەوێوە لە جیاتی شەقەی باڵ
وەک هەڵاڵە هەڵدەورنە ناو کانییەکان

دایکم هەموو بەیانییەک شەش ڕکات نوێژ دەکات
شەش جار دەگریا و شەش جار فوو بە دەوری خۆیدا دەکات
ئەو لە خوا دەپاڕێتەوە سەلامەت بن باڵندەکان
دوور بن لە بەڵای ناگەهان
لە فیتنەی ئاخری زەمان
دوعاکانی دایکم پیر بوون
پیر بوون ئومێدە ئاڵەکانی دایکم
بۆ فڕین بەناو وەرزەکان و
شۆڕبوونەوە بۆ ناو مێرگی حاجیلە و
گەڕانەوە بۆ ناو کۆشی نیشتمان

وەرە ئەی هاوڕێم
وەرە با پێکەوە سەما بکەین
ئیتر ئێمە دەزانین زەمەنی دوعا بەسەرچوو
فڕین باڵەکانی دڕاو و
با لێوەکانی وشک و
خۆر کەزییەکانی بڕاو و
باران پەنجەکانی سووتاو و
باخچە بیرەوەرییەکانی زەرد بوون
ئیتر من و تۆ دەزانین
زەمەنی دوعا تێپەڕی
هەروا بە ئاسانی
باڵندەکان مردار بوونەوە
پەیژەکان لە هۆش خۆ چوون
ئیتر من و تۆ دەزانین
ئەی هاوڕێم
زەمەنی سەرکەوتن رما
ئیتر هیچ شتێ داد نادا
مەگەر گۆرانی و شێتبوون و سەما

بەرماڵەکەی دایکم ڕەنگی ئاسمانی گرتووە
دوعاکانی ڕەنگی خەزان
باخچەکەمان ماندوو
پەپوولەکان تا لێهاتوو
ئیتر زەمەنی ڕزگاربوون نەما
زەمەنی دوعا بەسەرچوو

وەرە ئەی هاوڕێم وەرە
ئیدی با پێکەوە کەپرێ لە تەنهایی و
سێبەرێ لە ڕووناکی داڕێژین
بەدەم سەمای قەرەجانەوە
شێتبوونی خۆمان ڕەنگ کەین و
پەیژەکان بەسەر بانیژەکانەوە هەڵواسینەوە

وەرە ئەی هاوڕێم
وەرە با پێکەوە تۆو لە دوعا پیرەکانی دایکم بگرینەوە
وەرە با تۆوی دوعا بنێژین
لەبن بنجی وەنەوشە و مێرگی حاجیلە
بەڵکو بەیانیان پەپوولەکان پیاسەی پیادا بکەن و
هەنگ نیازیان لەبەر بگرێتەوە
ئەمە زەمەنی غەدر و پێشبینی نەکردنە
ئەی هاوڕێم

هیچ شتێ دادی دایکم نادا
تەنها تروسکەی هیوایەک نەبێ
هیوای زیندووبوونەوە لە مردن
ئەو خەون بەوەوە دەبینێ
دواتر لە کۆڵانە بەرینەکانی بەهەشت
چاوی بە کوڕە ناوەنجییەکەی ڕۆشن بێتەوە
دەستی کچە بچکۆلەکەی بگرێتەوە و
باوەش بە کوڕە هەراشەکەیدا بکاتەوە
کە بۆ گەشتی هیوا چوو و نەگەڕایەوە

دایکم لەگەڵ مردووواندا دەژی
ئەی هاوڕێم
ئەو هەردەم دوعا دەکات
تا بەبێ ئازار
لە کەناری زیندووییەوە بپەڕێتەوە بۆ ئەوبەری مەرگ
ئەو هەموو ڕۆژێ لەسەر گلکۆی کۆرپەکانی
چلدانە دەگرێتەوە
بۆ سەلامەتی گیانی باڵندەکان

وەرە ئەی هاوڕێم
وەرە با پێکەوە سەما بکەین
وەرە با پێکەوە لەو زەمەنی غەدرەوە
شۆڕبینەوە بۆ ناو نزرگای شێتبوون

بریستڵ، نۆڤێمبەری ٢٠٠٠

## دابەشبوون

**چۆمان هەردی**

گوناهبارم بە دابەشبوون
چرپەی خاکی شەونماوی پڕ مەراقە
گوناهبارم بە خوێندنەوەی ناوچەوانی درەختەکان

ئاشتبوونەوە چەند مەحاڵە لەم شەوە بێ سرتەیەدا
خۆشکردنی دڵی گوڵە تەمەن کورت و وردیلەکان چەند مەحاڵە
گوناهبارم بە ڕاوەستان لەبەر دەرگا گەورەکانا..